www.kurdistannet.org
03/04/2002 19:57

# خۆ پیشاندانی مردووەکان!

**وەلامێك بەسەلام عبداللە**

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

سەلام عبداللە، لە ماڵپەری کوردیی‌یەکاندا نوسینێکی بلاوکردۆتەوە، لە ژێر ناوی " وەلامێك بە سامان کەریم و....." بە جیا لەوەی کە چەند رستەیەکی لە باسەکەی منی بە ئارەزووی خۆی هیناوەتەوە، کە لە لە کوتایی نوسینەکەدا دێمە سەری، ئەم نوسینەی سەلام عبداللە و مونجرییەك کە ئەم برادەرە دەیکات بۆ " قوربانیان " پێویستە بەشێوەیەکی ڕوشن پەردەی لەسەر هەلبمالدرێت، وئاشکرا بکرێت، بەتاییەت کە ئەو باسەکانی لە ژێر ناوی ئینسانی و ڕوانگەی ئینسانی و" نەبونی ئایدولوجیا وسیاسەت " و... شتی لەم بابەتە دەباتە پێشەوە.

کۆسپی سەرەکی سەلام عبداللە لە تەواوی نوسینەکانی لە پەیوەند بە هەلەبجەوە، ئەوەیە کە دەیەوێ وەك ڕابەری مردوەکان وەك ڕابەری قوربانی‌یەکانی هەلەبجە وەك ڕابەری خۆپیشاندانی ئەو ئینسانانە دەربکەوێت کە ١٤ ساڵە زیندە بەچاڵکراون، بەلام ئەمە مەسەلە و تیڕوانینێکی ئەخلاقی و تەنانەت ئایدیاڵی نی‌یە، کە ئەو دەیەوێ لە ژێر ناوی دەنگی ئەواندا نیشانی بدات، بەڵکو لە پشت ئەم گردەوە شتێك هەیە، تەواوی مونجڕی و هاوارو پەلە قاژەی ئەم برادەرە لە پیشت گردەکەوە دەردەکەوێت، ئەگەر بمانەوێ بزانین ریشەی ڕوانگەو بوچونی سەلام عبداللە لە چی‌یەوە سەری دەرکێشاوە لەبەرانبەر مەسەلەی هەلەبجەو کیمیایی بارانی هەلەبجەدا پیویستە لە عەبابەیلێوە بڕوانین، پێویستە بچینە ئەو دیو گردەکەوە. هۆی چی‌یە سەلام عبداللە بۆ دیاردەو تراجیدایەکی واگەورە کە لە هەلەبجەدا خوڵقاوە دەگەرێتەوە بو قیامەت و لەێوە لە ڕوانگەی قوربانیان دەپرسێت و نوێنەراتی ئاهو ناڵەی ئەوان دەکات لەسەر زەوی؟! هۆی چی‌یە بەئیمە دەڵێت لە کوشتنی فاتمە لە هەڵەی فاتیمەکان ناپرسینەوە، لە حاڵێکدا ڕوشنە کە کەس وە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و منیش وەك ئەندامێکی ئەو حزبە باسی هەڵەی قوربانی‌یەکانی هەلەبجەمان نەکردوە ؟! مەسەلەیە چی‌یە بەمن دەڵێت " ئیوە بە ئاشکرا، هەڵەی یەکێتی دەکەن بە هۆی جینۆساید"؟ مەسەلە چی‌یە سەلام عبداللە نامە دەنوسێت بو ماڵپەرە کوردیی‌یەکان و باسی فەزای شارستانی دیالوك دەکات و باسی بە بنەبڕکردنی جنێو قسەی ناشرین دەکات بەلام بە ئێمە دەلێت " بیٚ ماناو...بیٚ حورمەت و... تەرەس"؟!و ئەم فەرهەنگە بەرزەی جنیو دان هی کام فەرهەنگ و کام بزوتنەوەیە؟!... بەهەرحال وەڵامی ئەم پرسیارانە لە لادانی پەردەکەدا دەردەکەوێت.

باسی ئیمە وە منیش لە ژوری پێشکەوتوخوازان لە کوڕێکی پالتوکی‌دا لە شەوی ٣/٣٠دان ئەوەبوو کە هۆی ئەصلی ئەم تاوانە ناسیونال شوفینزمی عەرەبە کە لەعێراقدا دەسەلاتدارە، مەسەلەکەش بونی ستەمی میللی‌یە لەسەر خەڵکی کوردستان، ئەم واقعیەتە تاڵە زور کارەساتی وای خوڵقاندوە، بەڵاٚم ئەم باسە و وتنەوەی ئەم باسە کە بۆ هەموو کەس ئاشکرایە، هیچ دەردێك دەرمان ناکات، وتنی ئەوەی حکومەتی بەعس فاشستە، شوفینی‌یە، دیکتاتورە، هیچ بەکەس ناڵێت، تەنانەت داواکاری روخاندنی حکومەت خۆی لەخۆیدا مانایەکی پێشکەوتوخوازی نادات بەدەستەوە، ئەگەر نەبەسترێتەوە بە ئەلتەرناتیڤێکی پێشکەوتوخوازو ئینسانی‌و شورشگێرەوە، ئاهو ناڵەو خەفەت خواردن و دڵسۆزی نیشاندان و کەمپین بەریخستن و ئاهەنگ سازکردن وکوڕ گێران و خۆپیشاندان و... ئەگەر مانایەکی ملموسی بەرژەوەندی یەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا نەدرێت بەدەستەوە، بەهەمان شێوە ئەو کارەیە کە یەکێتی نیشتمانی هەموو ساڵیك لە یادی هەڵەبجەدا دەیگێرێت و

هەزارن کەسیش کوّدەکاتەوە و ئاخ و ناڵەشی بو دەرِیژیّت. بوّیە بە برِوای من مەسەلەی هەلەبجە مەسەلی ناسیونالیزم و زیندە بەچالکردنی ئەویشە، کارەساتیّك کە خولّقا ناسیونالیزمی عەرەب خولّقاندنی، بە مقاشی ناسیونالیزمی کورد، بوّمن ناسیونالیزم، ناسیونالیزمە بە کەواو مراخانی و عەگالەکەی فەرقیّك ناکات، سەلام عبداللە لەمە نیگەرانە، من رِوشنم کردەوە کە ناسیونالیزم چیِیە، چوّن لەگەل ناوەرِوّکی ئیسنانداناموّیە، بە سروشتی ئینسان دژایەتی هەیە، بەشی زوری باسەکەی من ئەمەبوو، وە بەوە کوتاییم پیّهیّنا، کە ئەگەر دەرسیّك هەیە، لەباری فکری وسیاسیِیەوە لەبەرانبەر کارەساتی هەلەبجەدا، ئەوەیە کە ئیسنانەکانی کوردستان پیّویستە لە ناسیونالیزم دابرِین، وە لەباری عەمەلی سیاسی یەوە وەك وەلامیّك بەو کارەساتە جیّ بەجیّ کردنی خواستی خەڵکی کوردستانە لە " جیابونەوەی کوردستان دا. بەلام سەلام عبداللە لەبەرانبەر ئەمانەدا بەئیمە دەڵیت من لە رِوانگەی قوربانیِیەکانەوە قسەدەکەم ئەوانیش ئایدولوجیا ناناسن تەنانەت لە کاتی قسە کردن و وەلامەکانی مندا بوّ ئامادەبوانی ژورەکە دوجار بە نوسین ئەوەی نوسی " قوربانیِیەکان"، ئیستاش پیمان دەڵیّت " لە کوشتنی فاتیمەکان لەهەلەی فاتیمەکان ناپرسنەوە"؟ بەکورتی من وە ئیمە وەك حزب هیچ لایەکمان لە قیامەتەوە نەهاتوین، ئەوەندە دەزانیین ئەو ئازیزانە ئیّسکیشیان نەماوە و زوربەیان قەبرەکانیشیان دیارنیِیە، باسی ئیّمە باسە لەسەر ئەو هیّزو لایەنانانەی کە ئیستا دەرگیرن، کە ئیستا لەم یادەدا پیّویستە قسەبکەن وە هەڵویست نیشان بدەن، باسەکەمان ئەوەیە کە پیّش گرتن بە دوبارەبونەوەی ئەم کارەساتە چون مەیسەر دەبیّت؟ خەڵکی کوردستان چی بکات باشە بوئەوەی هەلەبجەیەکی تر نەبینیّت؟ لە کارەسات و جەنگ و روداوە سیاسی و کوّمەلایەتیِیەکانداو هەروەها لە فەنانی هەر ئینسانیّکدا باسی ئەصلی ئەوەیە کە هوّی رِیشەیی ئەو پروسەو ئالّوگورانەی کە بونە هوّی خولقاندنی ئەو کارەسات و جەنگ و تیرورو کوشتن چیِیە؟! ئیمەش بەم میّسودە قسەمان کردەوە، ئەنجامگیری خوّمان داوەتە دەست.

بەلام سەلام عبداللە هەر دەڵیت " قوربانیِیەکان" لای سەلام عبداللە وەك مەنتقیّکی تیرِوانینی ناسیونالیزمی کورد، خودی خەڵکی کوردستان و ناسیونالیزم وەك یەك یەکە دەبینیّت بوئەو خەڵکی کوردستان مانای ناسیونالیزمی کوردە، ناسیونالیزمی کورد وەکیلی کورد زمانەکانە، ئەگینا کیّ باسی هەڵەی قوربانیِیەکانی کردوە، لەکویّدا ئەم باسە هاتوتە پیّشەوە،؟! بّویە سەلام عبداللە قوربانیِیەکان وەك بەشیّك لە خەلکی کوردستان دەبەستیّتەوە بە یەکیّتیِنیشتمانیِیەوە، یەکیّتی نیشتمانی لیرەدا بوتە " قوربانیِیەکان" خوّ ناشکریّت قسە لە سەر قوربانیِیەکان بکریّت، بوّیە هاتو هاوار و مونجرِیّ وتەنانەت دەنگ هەڵبرِین و تورِەیی ئەم برادەرەمان، شینە بو قوربانیِیەکەی خوّی کە دەیەویّت جاری خەڵك نەزانیّت، قوربانی ئەصلی لای سەلام عبداللە "یەکیّتی نیشتمانی کوردستانە"، کاتیکیش ئیمە دەڵیین قوربانیِیەکان رِویشتون ودەبیّت ئیمە هەلویست بگرین، ئەو تورِە دەبیت و باسی سوتاندنی نازیِیەکان، وکوشتنی فاتیمەکان دەکات، هەمیشە فەرهەنگی ناسیونالیزم ئەوەبوە کە بەناوی هەموو " نەتەوەیەك" ەوە قسە بکات، نەتەوەیەك زمانیکی هەیە میژوِیەکی هەیە، ئەویش خوّی بە باوکیان دەزانیّت، تیّ یان هەڵدەدات، لەمالّ دەریان دەکات، بیّ پارەو پولیان دەکات، نانیان نا داتیّت، ژنیان بو دەهیّنیّت، بەشویان دەدات و.... باو ك ومندالّەکانی تەعریفی دروستی ناسیونالیزمی کوردیشە بوّ خەلکی کورد زمان، خوّ ئەگەر ناڕازیش بوی ئەوا شەق دەخوّی دەبەستریتەوە و... سەلام عبداللە لەبەرانبەر " قوربانیِیە" ئەصلیِیەکەدا کە ئیمە باسی دەکەین تورِەیە، پیِی وایە نابیّت " باوك" خەتا باربکریّت، خوّ ئەگەر " هەلەیە" یەکیشی کرد بەقەولی سەلام دەبیّت چاوی لیّ بپوّشریّت. برادەری ئەزیز ئەمرِوّ روژی دەنگ بەرزکردنەوەیە، روژی ئاشکراکردنی شوناسنامەی ئەصلیِیە، و باوی شوناسنامەی تەزویر نەماوە، تەماشای

جیهانی ئەمڕۆ بکە، بەڕۆشنی ئەوە دەردەکەوێت. تەنانەت کاتێکیش بە ئێمە دەڵیت" ئیوە بەئاشکرا هەڵەی یەکێتی دەکەن بەهۆێ جینۆساید" بو یەکەم جار لە نوسینەکانیدا لەسەر ئەم بابەتە باسی هەلەی یەکێتی دەکات، کە بۆخۆی رەنگدانەوەی واقعی زەختێکە لەسەر ئەم برادەرە، بەجیا لەوەش ئایا پێش لەشکری بو کوماری ئیسلامی ئیران، هەلەیەکە؟! ئایا گرتنی دەستی قەرارگای رەمەزان وپیش کەوتنی بو چالە نەوتی‌یەکان، کردنی بەهەلەبجەدا، تەنها هەلەیەکە؟! سەلام عبدالله پاش ئەوەی بە زەخت و ناچاربوە بەهەرحال یەکیتی تێوە بگلێنێت، ئەمجارەیان بە "هەڵە" ناوی دەبات، سروشتی هەلەش هەمیشە وایە کە ئیمکانی خوچاکردنی هەبێت، لەمبارەشەوە سەلام عبدالله زەمینەی لێ بوردنیشی لە وهەلەیە بۆ سازکردون، چونکە سروشتی هەڵە ئەگەر هەڵە بێت لێ بوردنیشی بەدواوەیە، بەلاْم بەجیا لەخواستی سەلام عبدالله ئەوە هەڵەیەك نەبوو، کە چاك بکرێت، لە ساڵی ١٩٩٦دا تاکو شاری کۆیە کوماری ئیسلامیان بردەوە، بەو هەڵەیەی سەلام عبدالله باسی دەکات، ناوەڕۆك وماهیەتی ناسیونالیزمی‌کوردە، پێش لەشکری بو حکومەتانی ناوچەکە، هەلەیەك نی‌یە، بەشێکە لەسیاسەت وبەرنامەو خەسلەتی سروشتی ناسیونالیزمی کورد لەکاتی لە دایکبونی‌یەوە، هەموو میژوی بزوتنەوەی کوردایەتی، هەموو دەرسێك کە هێزەکانی ئەم بزوتنەوەیە پێویستە وەری بگرن و دوبارەی‌نەکەنەوە، هەرئەوەیە، بەلام ناسیونالیزمی کورد خۆی لەهەموو کەس باشتر خۆی دەناسێت و هەمیشە لەسەر بنجی خوی دەڕوێتەوە، سەرنج بدەیتە میژووی ئەم بزوتنەوەیە لەم هونەرە زیاتری تێدانی‌یە. جنێو فرۆشی سەلام عبدالله بۆ ئێمە لە هەمان مەنتیقەوە سەرچاوە دەگرێتن جاران سەلام وانەبوو لایەنی کەم لەبەرانبەر حزبی ئێمەدا، بەلام ئەمڕۆ دەیەوێ نیشانی بدات، کە فەرهەنگەکەشی وە جنێو فروشتنەکەشی، وەك جەمال عبداللە وایە (نوسەریکی کوردستانی نوێ) . بۆیە سلام عبدالله ئەگەر دەیەوێ وەك فریشتەی دنیای ئەمڕۆ دەربکەوێت، هاتوچوی هەردو دنیا بکات، هەواڵەکانی قوربانییانمان بو بهێنێت، جیگّتی قبولی کەس نابێت تەنانەت ئەو هێزەش کە پەردە پۆشی بو دەکات، پێویستە بەڕۆشنی وبێ پێچ و پەنا فیکەی خۆی لێ بدات، ئەم باسی " قوربانی‌یانە" بە هەر بارێکدا بێت زەرەی خۆیەتی.

پیش کوتایی ئەم بەشە، با رستەکانی سەلام عبدالله راست بکەمەوە کە بەناوی منەوە نوسیویەتی، رستەکەی کە خۆی هیناویەتی‌یەوە بەشیوەیەکی ڕۆشن دژایەتی رستەکەی نیشان دەدات ئەو ئاوا رستەکەی نوسیوە بەناوی منەوە " لە تاوانی هەلەبجەدا ناسیونالیزمی کورد بە شەریك دەزانم... تاوانی هەڵەبجە دەگەریتەوە بو ناسیونالیزمی کورد... وەسیلەیەك درا بەدەستی رژێم..." کەوایە من ناسیونالیزمی کورد بەشەریك دەزانم و بەوەسیلەیەك،بەلام " هەلەبجە دەگەریتەوە بوناسیونالیزمی کورد" ئەمەیان قسەی من نی‌یە، هی سەلام عبدالله خۆیەتی بەناوی منەوە. سەلام عبدالله بەناوی منەوە دەڵێت" پرسیاری گویگران منیان لە بابەتەکە دەرکرد" من شتی وام نەوتوە، ئەوەی من وتم ئەوەبوو " پرسیارەکان لەبابەتەکە دەرچون، منیش بۆیە دەرچوم" کەبەش بەحالی خۆم بەئاسایی دەبینم، لەوجورە باسانەدا حەتمەن باسی جوراوجوری وەك جیابونەوەی کوردستان، ریفراندوم، ناسیونالیزمی کورد، پرسیار لەسەر حزب بێتە پێشەوە، حەتمەن وەلامیش وەردەگرێتەوە. ئەمڕۆ حزب بۆتە سەنتەری پرسیار لێکردن و قسەوباس و پرسیارکردن لەبەرنامەو سیاسەتەکانی لەوە ئاسایی ترنی‌یە، لە هەر باسێکدا دەیان پرسیاری بێ پەیوەند بە باسی کۆڕەکەوە بکرێت، من بوخۆم لەمبارەوە تیبی‌نی‌یەکم نەبوە، وەنیمە، بەلام کە پرسیاریان کرد، ئەوە وەڵامی من بوو.

©kurdistannet

www.kurdistannet.org
03/04/2002 19:57

## کورتەیەك لەسەر باوك سالاری و کوشتنی فاتیمە :

بەهەمان شێوەی قوربانیی‌یەکانی هەلەبجە، لە کوشتنی فاتیمەدا " باوکسالاری" هاتە پێشەوە، لیرەشدا بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ لە لایەن ئەوەوە بەرانبەرەکەی ئیمە بوین. بەلام باوکسالاری نیزامێکە سستەمێکە کە مێژوی‌یەکی زور کۆنی‌هەیە و ئەمڕۆ سستەمی کاری گرتەو سەرمایە، باوەشێنی دەکات و بەهێزی دەکات، وە تەنها بە نەمانی ئەم سستەمە باوکسالاریش لەناودەچێت سستەمێکە کە ئینسان لەسەر ئەساسی ژن وپیاو دابەش دەکات و ژن بە پلە دوو لە قەلەم دەدات، ئەمە لەتەواوی ژیان وگوزەران وکارو روشنبیری و فەرهەنگ و فکرو.... رەنگ دەداتەوە لە شیوەی یاساو دەستورو وتارو فلیم و شانویی و رەسم و چیروك و لەنێو مالەوەو لە کارگەو لە.... ئێمە باسی کوشتنی ئینسانێك دەکەین کە کورد زمان بوە، باسی کوشتنی ئینسانێك دەکەین کە پالپێوەنەری بکوژەکەی بەهوی سوننەت و فەرهەنگی کوردایەتی بوە، رەخنەمان لەوە بوەو هەیە.
باوك سالاری لە سویدو ئەلمانیاو ئەمەریکاو عیراق و موزەمبیق و صومالیش هەیە، بە ئاستی جوراوجور، بەلام لە لە سوید و ئەلمانیا ژن بەهوی ناموسەوە ناکوژرێت، خو ئەگەر بکوژرێت، ئەوا یاسا هەیە و مامەلەی لەگەل دەکات و تاوانبار رزگاری نابێت مەگەر بە رێکەوت، واتە حورمەتو جێگاو رێگای ژن هەر لەو کومەلگای باوك سالاری‌یەشدا لە نیوان ئەوروپاو وو لاتانی تری وەك عیراق و ئیران و ئەفغانستان و کومەڵگایەکی وەك کوردستان جیاوازی‌یەکی زوری هەیە، لە کوردستان وفەرهەنگی کوردی‌دا مەسەلی ناموس کوشتنی لەدوایە، ئەمە دیاردەیەکە، بەلام لە ئەوروپا ئەگەر روبدات شازە، پاشان لە کوردستان وە بەپی‌ی یاساکانی حکومەتی یەکێتی وپارتی کە هەمان یاسای حکومەتی بەعسە، ئەمە مافی باوك و براو تەنانەت ئاموزایە کە " ژنی بیّ ناموس " بکوژرێت، بەلام لە ئەوروپا نەك شتی وانی‌یە، بەلکو بە تاوانێکی گەورە دەژمیردرێت و بکوژەکە دادگایی دەکرێت، و عقوبەکەی وەردەگرێت، پێم وابێت جیاوازی‌یەکان زور ڕوشنە لەنێوان " باوکسالاری " بەشێوەیەکی گشتی، دیاردەی " کوشتنی ناموسی" بە شێوەیەکی تایبەت
. لیرەشدا سەلام عبداللە وەك " قوربانی‌یەگان"ی هەلەبجە بە " باوك سالاری " ڕوی ناسیونالیزمی کوردی سپی کرد، وەك ناسیونالستێکی کورد پی‌ی عەیبە، " عەیبەکان "ی خو وولاتی بلێت !!
٢٠٠٢/٤/٣

©Kurdistan Net